علی فتاح دزەیی

# بابەتی ناوەرۆك و فۆرمی مەم و زین

«تێبینی : بۆ بەشەکانی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە ، لەبارەی (خانیو مەمو زین) ، بنوارە ژمارە (٤٦)ی گۆڤاری کاروان لاپەرە ، ٣١ .»

## ١ – بابەتی ناوەرۆکی مەمو زین

هەر ووشەیێك لە ، بنەرەتدا لەدوو بەشان پێکهاتوە ، بەشی یێکەم واتای ووشەکەیەو ، بەشی دووەمیش ، ئەو دەنگانەیە ، کە ووشەکە دەدرکێنو واتاکەی رادەگەیێنن .

بۆ هەر دەنگێکیش جۆرە نیشانەیەك دادەندرێ ، پیێ دەگوترێ پیت (حرف) ، بۆ ئەوەی ووشەکەی پێ بنووسرێتەوە . کەواتا مەبەستو واتای ووشە ، ناوەرۆکیەتیو پیتەکانیشی فۆرم قالبەکەیەتی .

هەر وها ، هەر کردارێکی ئەدەبی ، لە دوو بەشان پێکدێ ، بەشی یێکەم ناوەرۆکو هی دووەم فۆرمەکەیەتی . قالبو فۆرمی کرداری ئەدەبیش ، یان پەخشانە ، یان هەڵبەست .

ئەوەی شیعرو هەڵبەستیشی ، لە پەخشان هەڵداوێرێ ، شێوازو کێشو قافیەیە ، کە فۆرمی ئەم بابەتە پێکدەهێنن ، دەنا گەلێك جۆرە پەخشانیش ، ناوەرۆکی شیعریان هەیە .

هەڵبەت ، وێژەو ئەدەبیات ، بەرهەمی مێشکی مرۆڤە ، بۆیێکە لە هەر قۆناغێکی مێژوویی کۆمەڵانی مرۆڤدا ، جۆرە ئەدەبێك هاتۆتە بەرهەم ، کە لە لایەنی ناوەرۆکو فۆرمەوە ، لە ئەدەبیاتی قۆناغی پێشووتر جودایە . ئەمجا ، لەبەر ئەمە دەبێ کرداری ئەدەبی ، بە سەنگو تەرازووی ئەو کاتو شوێنە کێشانە بکرێ ، کە هێناوێیانە بەرهەم .

(ئەرستۆ)ی دانا ، شیعری یۆنانیی لە لایەنی ناوەرۆکو فۆرمەوە ، کردوە بە چوار بابەت : (١ – ئیپیك ، ٢ – تراژیدی ، ٣ – کۆمێدی ، ٤ – دیترمبۆس)[1] .

لە سەدەی پازدەمو شازدەم بەدوواوە ، لە پاش ئەوەی نەتەوەکانی ئاوروپایی ، لە باتی زمانی لاتینی = (زمانی رۆمانەکان) زمانی نەتەوەیی خۆیانیان کرد بە زمانی ئەدەبیاتیان ، شاعیرەکانو نووسەرەکانیان ، بۆ سەرچاوەکانی ئەدەبیی یۆنانیو رۆمانی گەڕاونەتەوەو ، کەرستەی نووسینیان لەوانەوە ، خواستۆتەوە . ئەوەندەش ، گیرۆدەی ئەو ئەدەبیاتە کۆنانە ببوون ، کە بەبێ پەروا ، ناوەرۆکو فۆرمی ئەوانیان کردوە بە سەرمەشقو شاعیرو نووسەرەکانی ئەوانیشیان . بە سەردەستەو بە چین (کلاس)ی یێکەم داناوە . بۆیێکە ، ئەم بزووتنەوەو ئەم بابەتەتازەی ئەدەبیاتە ناوی (کلاسیك)ی لێوەنراوە .

ئەدەبی کلاسیکیش ، ئەدەبێکی مەوزووعیبوە ، واتا ، شاعیر یان نووسەر ، ناوەرۆکی نووسینەکەی ، لە دەرەوەی (خودی خۆیدا) دەخوازتەوە . هەمیشە ناوەرۆکێکی ئەوتۆی دەخستەڕوو ، کە نموودو تابعێکی گشتیو بەردەوامی هەبێتو

بۆ هەموو کاتو شوێنان دەستبدا . کەسەکانی شیعرو داستانەکانیشی ، لە جیاتی (خواکانو پەریزادەکان)ی ئەفسانەیی شازادەو سوارچاکەکان بوون . زمانو ووشەکانی بەرهەمەکانیشی ، بە هەموو جۆرە هونەرەکانی بەلاغەت دەرازاندەوە .

ئەو بزوتنەوە ئەدەبییەی پێشکەوتنخوازە ، لە ئەنجامدا ، شێوەیێکی دۆگمایی (= باوەڕیی ووشك) ، وەرگرتوەو ، لە چوارچیوەو قالبێکی رەقوتەقدا جیگیربوە[٢] .

لە سەدەی حەڤدەم بەدوواە ، بە تایبەت لە دووای شۆرشی گەورەی فەرەنسا (ساڵی – ١٧٨٩) ، کە کەسایەتیی مرۆڤی تاك هاتە مەیدانو ماڤی مرۆڤ (حقوق الإنسان) ئاشکراکرا ، بەرهەمی ئەدەبیش ، نەك هەر کارلێکەر ، بەڵکو کارلێکراوی ئەم گۆرانە گەورەیەو ئەم بە پێشوەچوونەی بیری مرۆڤبوە .

بۆیێکە ، شاعیرانو نووسەرانی ئەو سەردەمە ، بەرامبەر بە کۆتو بەندی ئەدەبی کلاسی وەستاونو ویستوویانە پێش هەر شتێك ، پڕ لە ورووژانی دەروونیو لە هەستو لە خەیاڵاتی خۆیان بکەن . واتا بە چەشنێکی وها بنوارنە دەرەوەی کەسایەتی خۆیان ، وەکو خودی خۆیان دەیبینن ، نە ، وەکو چۆن دەرەوەکە هەیەو خۆی دەنوێنێ . ئەم بزووتنەوەیەش ، بە ناوی ئەدەبی (رۆمانسی) ناوبانگی سەندوە[٣] .

ئەمجا ، لە سەدەی نۆزدەمەوە ، کە شۆرشی پیشەسازی رەگی داکوتاو چینێکی خاوەن سەرمایە ، دەسەڵاتی سیاسیی لە وولاتەکانی ئاوروپیدا پەیداکردو ، هەتا دەسەڵاتیان بۆ دەرەوەی ئاوروپاش ، تەشەنەی کردو ، بەرامبەر بەم چینەس ، چینێکی هەژارو بێ دەرامەت پەیدابوو ، کە بە ئارەق رشتنی رۆژانەی ، پێداویستەکانی ژیانێکی ئاساییی هەر ئەوەتە پەیدا دەکرد ، دیسان ، لەم هەلو مەرجە تازانەی کۆمەڵانی خەڵکا ، ناوەرۆکی مەوزووعی باوی سەندەوەو بیری لایەنگیریو ئیلتزام ، سەری هەڵداو ئەمەش ، بزووتنەوەی ئەدەبی واقیعی (= ریالی)ی بەرپاکرد . بەلام ، بەرامبەر بەم بزووتنەوەیەش ، گیانی مرۆڤی تاكو بیری سەربەستی ، هاتۆتەوە مەیدانو لە بزووتنەوەی (سیریالی)و (وجوودی)دا خۆی نواندۆتەوە .

ئیتر بەگوێرەی ئەم روونکردنەوەیە شیعری ئاورووپیو رۆژئاوایی لە لایەنی ناوەرۆکەوە ، کراوە ، بە دوو بابەت ، یێکەم – بابەتی مەوزووعی ، کە شیعری چیرۆکیو درامییە . دووەم – بابەتی زاتی ، کە هەموو جۆرەکانی شیعر وەسفیو دڵداریو ویژدانی دەگرێتەوەو لە ژێر ناوی لیریك (Lyric)دا ، کۆ دەکرێنەوە .

راستییەکەی ، ئەم چەشنە دابەش کردنەش ، ئەوەندە تەواونیە کە رەخنە هەڵنەگرێ ، چونکە هیچ بابەتێکی شیعری مەوزووعی ، بەبێ خەیالاتو هەستیو ورووژانی دەروونیی شاعیر نابێ . هەر وها ، بەشی هەرەزۆری بابەتەکانی شیعری ویژدانیو چاکترینی ئەو بابەتە ، ئەو شیعرانەن ، کە بر لە هەستو خواستی رەگەزی مرۆڤایەتی دەکەن ، نە ، مرۆڤێکی تاكو تەنیا[٤] .

ئەمجا ، گەر بەم رامانەوە سەیری (مەمو زین) بکەین ، دەبینین لە لایێکەوە ، مەوززعەکەی بیرێکی گشتییە لە بارەی زۆرانبازی لە نێوانی (چاکی)و (بەدی)دا . بەخشی عاتفەی بەرزی خۆشەویستیی کێشاوە ، نە سەربردەی ئەڤینی دڵدارو دلبەرێك . کەسەکانی داستانەکە هەموویان شازادەو لاوچاکەکانی بارەگای (میر)ن . لەسەر تا پایانیشی ، بە هەموو چەشنە هونەرەکانی بەلاغەت رازاوەتەوە .

کەچی ، لە لای دیکەوە ، بەراستیو رەوانی ، بڕ لە بیرو باوەڕیو لە ورووژانی دەروونیی شاعیرەکە دەکا .

کەواتا ، بە پیێی ئەم لێکدانەوەیە ، دەبێ (مەمو زین) ، بە بابەتێکی (مەوزووعی – زاتی) ، یاخود بە چیرۆکێکی (کلاسی – رۆمانسی) لە قەلەم بدەین . بەلام ، بابەتەکەی هەرچۆنێك بێ ، ئەوە ئاشکرایە ، کە لە جوانترین فۆرمی شیعری کلاسیدا ، دارژراوەو شی کردنەوەی فۆرمو قالبی

شیعریش ، پێویستی بە باسکردنی ، شێوازو کێش‌و قافیەو هونەرەکانی بەلاغەتەوە هەیە[٥] .

## ٢ - شێوازی چیرۆکی‌ی مەم‌و زین

واتای (شێواز = اسلوب) ، چۆنیەتی‌ی دەربڕینی بیرو رامانی هونەرمەندە . شێوازی چاکیش ، ئەو شێوازەیە ، کە بەراست‌و رەوانی ، مەبەستی هونەرمەند دەخاتە رووو بە خەڵکی دیکەی رادەگەیێنێ .

هەر هونەرمەندێکی جسنیش ، شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیەو لە هونەرمەندانی دیکەی جودا دەکاتەوە . بۆیێکە ، ئەوانەی خەریکی لاسایی کردنەوەی هونەرمەندانیتر دەبن ، کەسایەتی دەدۆڕێنن‌و بە هونەرمەندی جسن (= أصیل) نازمرێن . (خانی)ش ، لە هۆناندنەوەی داستانەکەیدا ، شێوازێکی ئەوتۆی بەکارهێناوە ، کە شارەزایانی (مەم‌و زین) ، لە هەموو بەندەکانیدا هەستی پێ دەکەن‌و دەیناسنەوە .

شاعیر ، لە بەندی هەشتەمی کتێبەکەیدا ، دەست بە گێرانەوەی چیرۆکەکە دەکاو ئەوە دەردەبڕێ کە لە زاری یەکێکی دیکەوە دەیگێڕێتەوە .

**نەقاشی سەحیفەیی حکایەت**
**نەقادی سەبیکەیی روایەت**

*

**کێشا بڤی تەرحێ رەسم‌و ئایین**
**لێدا بڤی تەرزێ زەرب‌و تەزیین**

*

**گۆ : پادشەهەك زەمانی سابق**
**رابوو دحکومەتا خوە ، فائق**

*

ئەم شێوازەش ، شێوازی حکایەتخوانی (Story Telling) یاخود (Narration)ەو ، هیچ جیاوازی نەدەبوو – لەم بارەوە – گەر یەکسەر ، بە زمانی خۆیەوە ، سەربردەو رووداوەکانی بگێڕابایەوە .

بەڵام خانی ، هەروا بە سادەیی ، داستانەکەی رانەگەیاندوە ، بەڵکو ، تەکنیکێکی ئەوتۆی بەکار هێناوە . تەووژم‌و تینێکی تەواوی بەگیانی کەسەکانی چیرۆکەکە بەخشیوەو لە سەر شانۆی ژیانی رۆژانەدا ، بە زمانی هێناون‌و خستوونیەتە بزووتنەوەو گفت‌و گۆکردن .

کەواتە (خانی) ، سەررای شێوازی حکایەتخوانی ، تەکنیکی دراماییی گفت‌وگۆکردن (= الحوار dialogue)و تەکنیکی مۆنۆلۆگ (monologue)یشی خستۆتەکار . واتا کەسەکان ، لە هەلویستی تایبەتدا ، لە بەرخۆیانەوە قسە دەکەن .

جگە لەمانەش ، لە هەندێ شوێنان – بێ‌ئەوەی کار لە زنجیرەی رووداوەکان بکا – جلەو بۆ نووکی خامەی شل دەکات‌و ، یان بە ناسکترین پارچە شیعری ویژدانی بڕ لە هەواڵی دەروونی‌ی خۆی دەکا ، یان لە شێوەی مەسەلەو قیاسی مەنتق ، باوەڕی ئەخلاقی‌و فەلسەفی‌شی دەکاتەوە .

ئەمجا بۆ ئەوەی لایەنی دراماییی داستانەکە بخەینە بەرچاو ئەم چەند برگەیە ، لە بەندی (٤٢)یدا . دەکەین بە نموونەی دایالۆگی کەسەکان ، کە سەدای گفت‌و گۆی سەرشانۆ دەداتەوە :

دوای ئەوەی (میر) یاری شەترەنج لە (مەم) دەباتەوە . بەم چەشنە ، گفت‌و گۆیان دەبێ :

**میر گۆتە مەمی : «مە برخۆ دلخواز !»**
**وی گۆ کو : «بێ . چیە تە داخواز ! ؟»**
**«میرگۆ : » مە . غەرەز نەکەسی مالە»**
**«مەقسوود ژی طی کەشفی حالە»** [٧]
«مەتلووب ژ لەعب‌و بەندو بازان .»
«قەت نینە ب غەیری کەشفی رازان»

«شەرتی من ئەوە بکەی تو ئیقرار»
کانی د دنیّ کییە تە دلدار ! ؟»
«هەرچی پەری‌یا تەدل ل بالە»
«حۆری سفەتە ، مەلەك میسالە»
«گەر لائق تە ئەوی ببینم»
مالی خوە بدەم ژبۆ تە بینم»
(بەکر بۆ ئەوەی (مەم) بوورژێنێو رازی دڵدارییەکەی پێ ئاشکرابکا ، بەم چەشنە دێتە قسە :

**گۆ : «من دییە یا مەمیّ حەباندی»**
**کیژەك . . . . . . . لێڤ دەقاندی»**

*

**«سەر تا ب پیان رەشە وەکی قیر»**
**نە لائق بەحس‌وخواستنا میر»**

قسەو تانووتەکەی (بەکر) نیشان دەپێکیو پەردە لەسەر رووی رازی پەنهانی دڵی دڵدارەکە هەڵدەماڵێ :

**گۆ : «قەت نەوەیە وەکی وی گوهتی»**
**«میرم پەری‌یا دلی‌من سۆهتی»**
**«شەهزادەیە ، شەهنشین مەکانە»**
**«عونقایە بلندی ئاشیانە»**
**«میرانی‌یە ئەو ، ژ نەسلی پاکە»**
**«نوورانی‌یە ئەو نە ئاب‌و خاکە»**
**«سەر دەفتەری حوورو نازەنینە»**
**«هەرچەند مەلەك ، ب ناڤی زینە .»**

ئەم وەڵامە رەقو ناشیرینە ، ئەوها میر دێنێتە دەنگ :

**وی گۆ تە قەبیلەیا غولامان :-**
**«هوون بۆ چی گەلی نمەك حەرامان»**
**«وی ناکەسی ناگرن ب زیللەت !»**
**«دا ئەز بکوژم ئەوی ب عیبرەت ! ؟»**

کە دەست‌و پێوەندەکانی (میر) ، دەیانەوی پەلاماری (مەم) بدەن ، تاجدین‌و برایەکانی لەسەر مەم دەکەنەوەو بەم چەشنە بەرامبەریان دەوەستن :

**گۆتن : «گەلی جوندییان ڤەوەستن»**
**«هوون جوملە نە سەرخوەش‌و نە مەستن»**
**«هوون قەنجی دزانن ئەم گوسانن»**
**«ساحیب هونەرن ئوو پەهلەوانن»**
**«پانسەد ژوە حەملەکەن ب کەربان»**
**«نادەینەوە نەوبەتا چو زەربان»**
**«حەتاکو بکەن مەمیّ گرفتار»**
**«سیّ سەد ژ وە دیّ ببن بریندار»**
**«حەتا نە مەهەر سیّ‌یان ب کەرکەن»**
**«هووندیّ ل مەمیّ کوسا نزەرکەن ؟ !»**
**«هەرچی کری حاکمیّ مە فەرمان»**
**«ئەم نابنە مانعی چو حوکمان»**
**«دەستێدمە بەستنە ل بەرمیر»**
**«ها ، گەردەن‌و پیّ ئودەست‌و زنجیر»**

هەر وەها ، کەسەکانی چیرۆك ، لە زۆر هەڵوێستاندا ، لەبەرخۆیانەوە ، بە دەنگی بەرز ، پڕ لە هەواڵی دەروونی‌ی خۆیان دەکەن . هەتا ، کۆتایی داستانەکەش ، بە شیوەنە بە ناو بانگەکەی (زین)ی‌ّ ، هاتوە . ئەمەش وێنەیێکی تەکنیکی مۆنۆلۆگە ، کە (زین) ، لەبەرخۆیەوە دوای زیندانکردنی (مەم) ، دڵ‌و گیانی خۆی دەدوێنێ :

**«ئەی دل تو ژ قەلیّ من ب دەرکەڤ»**
**«وەی جان ، تو ژی بۆ دلیّ ب بەرکەڤ»**

*

**«هوون هەردوو هەرن مەمیّ ببینن»**
**«لیّ یەك خەبەری ژ بۆ مەبینن»**

*

**«ئەی دل تو ، کو لیّ دکەی سەلامی»**
**«زوو بینەڤە بۆ مەرا پەیامی»**

*

«كانى ب چه حاله ئه‌و گرفتار ! ؟»
«دانين چه خه‌ياله ئه‌و دل ئه‌ڤگار ! ؟»

*

«كانى ، ل مه ئاشه ! يانه زيزه ! ؟»
«باخى وى به‌هاره يا په‌ييزه ! ؟»

*

«خۆش ره‌نگ‌و له‌تيفه شوبهى سۆرگول ! ؟»
«يان ژارو زه‌عيفه ميسلى بلبل ! ؟»
«ئه‌يوان ل‌مه بوويه دارى ميحنه‌ت»
«زيندان ب‌مه ، بوويه باغى جه‌ننه‌ت»

*

«خۆزيا كو ل‌من غه‌زه‌ب كرا مير»
«مانه‌ندى مه‌مىٚ ب غيلل‌و زنجير»

*

«ئه‌ز ژى بشه‌هاندما وى چالىٚ»
«رۆژه‌ك ڤه‌كه‌تا ل من ژ سالىٚ»
«جاره‌ك بدييا من ئه‌و گرفتار»
«ده‌رمان ب كرا من ئه‌و بريندار»

*

عومرى من ئه‌گه‌ر چى يه‌ك ره‌مه‌ق‌بوو»
«حه‌ڤه‌ن كو مرن ژ بۆمه حه‌ق‌بوو . »

## ٣ - كێشى شيعرى‌ى مه‌م‌و زين .

شيعر ، هونه‌رێكى ئه‌وتۆيه كه به ده‌نگ بخوێندرێته‌وه . داستانه كۆنه‌كانى وه‌ك (ئه‌ليادو ئۆدێسه)ى (هۆمه‌ر) له گه‌لٚ ئاوازه‌ى گيتار ده‌گوتران . (شهنامه)ى (فردوسى)ش بۆ ماوه‌ى سه‌دان سالاٚن ، سه‌رمايه‌ى حكايه‌تخوانان بوه .

گه‌رچى ئێستا ، به‌لاى زۆرى ، شيعر به چاو ده‌خوێندرێته‌وه ، هه‌تاوه‌كو به ده‌نگ ، به‌لاٚم هێشتا خاسييه‌ته كۆنه‌كه‌ى پاراستوه‌و سوودێكى زۆر ، له ئاوازه‌ى ده‌نگه‌وه ده‌بينىٚ .

ئه‌و خوێنه‌ره‌ى كه به‌چاوه‌كانى‌و به بىٚ ده‌نگى شيعر ده‌خوێنێته‌وه ، وه‌هاى لىٚ چاوه‌نوار ده‌كرىٚ ، ئه‌وه به بيرى خۆيدا بهێنىٚ ، كه ، ئه‌گه‌ر هات‌و شيعره‌كه‌ى به ده‌نگى به‌رز خوێنده‌وه ، چه ئاوازو ئيقاعى مۆزيقى‌ى لىٚ ده‌بيسترىٚ .

هه‌لٚبه‌ت ، مۆزيقاو ئيقاعى شيعرى ، له كێشى شيعره‌كه‌وه په‌يدا ده‌بىٚ ، گه‌رچى قافيه‌ش ، له شيعرى قافيه‌داردا ، له‌م لايه‌نه‌وه ، ده‌ورێكى تايبه‌تى هه‌يه .

كه‌واتا ، مه‌به‌ست له كێش (= وزن) چۆنيه‌تى‌ى دامه‌زراندن‌و رێكخستنى برگه‌ى ده‌نگى ووشانه . له دێره شيعرێكدا ، به شێوه‌يێكى ئه‌وتۆ ، كه خوێندرايه‌وه ، سه‌رراى واتاكه‌ى ، ئاوازه‌و ئيقاعێكى مۆزيقيشى هه‌بىٚ .

(ئه‌رستۆ)ى دانا ، كێشى به بنچينه‌ى هونه‌رى شيعر داناوه ، شيعرى (يۆنانى كۆن)يش ، زۆر بابه‌ته كێشى هه‌بوه‌و سه‌رچاوه‌ى كێشه‌كانى شيعرى‌ى (Meterrical rhy Thym) . نه‌ته‌وه‌كانى رۆژئاولين . هه‌تا شيعرى سه‌ربه‌ستى (Free Vetse) ئه‌م نه‌ته‌وانه‌ش ، گه‌رچى پێره‌وى كێشه‌كانى (ميتريكالٚ) ناكه‌ن ، ديسان جۆره سروه‌و ئيقاعێكى تايبه‌تيان هه‌يه[٩]

شيعرى فۆلكلۆرى كورديش ، دوو جۆره كێشى نه‌ته‌وه‌يى هه‌يه :

يێكه‌م : كێشه‌كانى داستانين ، واتا ئه‌و كێشانه‌ن كه (به‌يت‌و لاوك‌و حه‌يران) يان له‌سه‌ر رێكخراوه .

ئه‌گه‌رچى سه‌رجه‌مى برگه‌ى ده‌نگى‌ى دێره شيعره‌كانى ئه‌م بابه‌ته ، ئه‌وه‌نده‌ى يه‌كتر نابن ، به‌لاٚم هه‌ر دێره شيعرێك له‌ره‌و ئيقاعێكى تايبه‌ت‌و ئه‌وتۆى هه‌يه ، كه له گه‌لٚ مۆزيقاى برگه‌ى ده‌نگه‌كانى دێره شيعره‌كه‌ى دواوه‌ى ، ده‌سازىٚ . واديارە له شيعرى نه‌ته‌وه‌كانى رۆژئاواشدا ، بابه‌ته كێشى ئه‌وتۆ هه‌يه ، كه ناچێته‌وه سه‌ر هيچ يه‌كێك له كێشه‌كانى (ميتريك) ، واتا كلاسيكيان ، ئه‌م جۆره كێشه‌ش ، به تايبه‌ت له شيعرى

فۆلكلۆریی (ئەنگلۆ – ساكسۆنی)دا هەیەو پێی دەگوترێ (Sprung Rhythm)[10] .

جۆری دووەمی كێشەكانی شیعری نەتەوەییان ، ئەو كێشانەن ، كە بۆ رێكخستنی شیعری بەستەو مەقامو گۆرانی بەكار دەهێندرێن .

ئەو هەڵبەستانەی كە لەسەر یەكێك لەم كێشانە بهۆندرێنەوە ، سەرجەمی برگەی دەنگیی دێرە شیعرەكانیان وەكو یەكتر دەبن‌و ، هیچ یەكێك ، لەویتر ، درێژتر یان كورتتر نابێ‌و لەم سەردەمەشدا ، ئەم كێشانە ، مەیدانی شیعری كوردییان . داگیر كردۆتەوە[11] .

بەڵام وەكو ئاشكرایە ، بەشی هەرەزۆری شیعری كلاسیكی كوردی (گەر هەموویشی نەبێ) ، لەسەر كێشەكانی شیعریی عەرووزی رێكخراون‌و لە كتێبی (نەوبەهاری خانی) ماندا ، بە درێژی لەبارەی زانیاری عەرووزمان نووسیوە[12] .

(خانی)ش ، بۆ هۆناندنەوەی (مەم‌و زین) كێشێكی عەرووزیی بەكار هێناوەو لە ئەسلدا ، لە كێشی (بحر الهزج المسدس) دا هاتوە كە ئەمانەن تەفعیلەكانی (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) .

بەڵام لە كێشە تازەكەدا ، تەفعیلەی یێكەم تووشی عیللەتی (الخرب) بووەو كراوە بە (مفعول) ، هی دووەم زحافی (القبض)ی بەسەردا هاتووەو بوە بە (مفاعلن) ، هی سێیەمیش ، عیللەتی (الحذف)ی هاتۆتە سەرو كراوە بە (فعولن) بۆیێكە ناوی بوە بە (بحر الهزج المسدس الأخرب المقبوض المحذوف)و ئەمانەشن تەفعیلەكانی : (مفعول مفاعلن فعولن .)[13]

بەڵام دەبێ ئەوە بزاندرێ ، كە شاعیرانی عەرەب هەرگیز ئەم كێشەیان بەكار نەهێناوەو ، شاعیرانی فارس ، ئەم كێشە تازەیان لە كێشەكەی ئەسلی داهێناوەو (نظامی گنجوی – ٥٣٥ك = ١١٤١ز – ٥٩٩ ك = ١٢٠٣ ز)ی ، داستانی (لیلی‌و مجنون)ی لەسەر هۆناندۆتەوە[14]

بۆ ساغ كردنەوەی كێشی عەرووزیش ، تەكنیكی هەڵوەشاندنەوە یاخود (التقطیع) ، پێرەوی دەكرێ[15] .

ئەمجا ، ئەگەر ، وەكو سەرچاوەكانی عەرووزی ، نیشانەی سەر (–) بۆ پیتی بزێو دابنێین‌و نیشانەی زەننەش (ه) بۆ پیتی نەبزێو[16] ، هەڵوەشاندنەوەی كێشەكە.بەم جۆرە دەبێ :

| | | |
|---|---|---|
| مَفْ عو لُ | مُ فا عِ لُنْ | فَ عو لُنْ |
| – ه – ه – | ه –– ه –– | ه – ه –– |

یاخود هەڵوەشاندنەوە ، بە پێی برگەی دەنگی درێژو كورت دەكرێ‌و ، بۆ برگەی دەنگی درێژ (= پیتێكی بزێو + پیتێكی نەبزێو) نیشانەی (–) سەر دادەندرێ‌و بۆ برگەی دەنگی كورتیش (= پیتێكی بزێو)[17] ، نیشانەی (٠) نوختەو یان وەكو پرۆفیسۆر (ئەدوارد براون) بۆ ئەم مەبەستە پیتی (U)ی لاتینی دەكرێتە نیشان‌و[18] هەڵوەشاندنەوەی كێشەكە بەم چەشنە دەبێ :

| | مفعول | مفاعلن | فعولن |
|---|---|---|---|
| | ه — — | — ه — ه | — — ه |
| یان : | U – – | – U – U | – – U |
| | • – – | – • – • | – – • |

ئەمجا ، ئەم بەیتە شیعرەی سەرەتای (مەم‌و زین) :

سرنامۀ نامه نام أللە
بێ نام وی ناتمامه واللە

بۆ مەبەستی هەڵوەشاندنەوە بەم چەشنە دەنووسرێتەوە :

| | | | |
|---|---|---|---|
| سَرْنامَ | ءِ نامَنا | مِ | ألْلا |
| بی نامِ | وِناتَمَا | مَ | وَلْلا |

ساغ کردنەوەی کێشی بەیتەکەش بەم چەشنە دەبێ :

مِألْلا　　ءِنامَنا　　سَرْنامَ

——ه—— 　ه——ه—— 　—ه—ه—

یان : ——• 　—•—• 　•——

یان : — — U 　– U – U 　U — —

دێڕی دوەمیش هەر بەم چەشنە دەبێ :

بێنامِ　وِ　ناتمَا　مَ　وَلْلا

ه— ه —— ه —— ه —— —ه—ه—

یان : ——• 　— • —• 　• ——

یان : —— U 　– U – U 　U — —

## ٣ – بابەتی قافیەی مەمو زین

تەکنیکی قافیەسازی ، تاکو سەردەمی ئێستاکەشمان نرخێکی ئێجگار زۆری لە هونەری شیعرو هەلبەستدا هەیە ، بەتایبەتی لە شیعری نەتەوەکانی موسوڵماندا .

ئەم راستی‌یە ، شیعری نەتەوەکانی رۆژئاواییش دەگرێتەوە ، گەرچی ئەم نەتەوانە ، هەر لە مێژەوە بابەتی شیعری بێ‌قافیەیان هەبوە کە بە ناوی بلانك ڤێرس (blank Verse) ەوەناسراوە .

راستی‌یەکەی ، شێوەو فۆرمی شیعری هەردوو لایان ، – واتا نەتەوەکانی موسوڵمانو نەتەوەکانی رۆژئاوایی – لە چۆنیەتی‌ی ریزکردنی قافیەی دێڕە شیعرەکان یان بەیتە شیعرەکان ، لە پارچەی هەلبەستەدا ، پەیدادەبێ[١٩] .

بناخەی فۆرمەکانی شیعری خۆرئاوایی ، لە سەر سێ شێوەی قافیەکاری هەڵساوە ، واتا ، (دووانی = Couplet)و (سێیانی = Tercet)و (چوارینی = quatrain) ، ئەمەی دواییش ، سێ شێوەی قافیەکاری هەیە ، بالادی ئینگلیزی (ABCB)و شەکسپیری (ABAB)و پەترارکی (ABBA) . ئەمجا ، لە تێکهەڵکێشانی ئەم شێوانەی قافیەکاری ، فۆرمەکانی شیعری‌ی سۆنێت (Sonnet)و ئۆد (Ode) . . . . . . . پەیدادەبن[٢٠] .

نەتەوەکانی موسوڵمانیش ، هەندێك تەکنیك‌و شێوەی قافیەکارییان ، لە شیعری عەرەبی خوازتۆتەوە ، بە تایبەتیش ، فۆرمی (قصیدة)و (غزل)و (موشح) .

هەڵبەت هەر نەتەوەیێکیش ، شیعری فۆلکلۆری هەبوەو هەیەتی‌و ، رەنگ‌بێ ، لە فۆرمەکانی ئەم شیعرانەدا ، هەر نەتەوەیێك بتوانێ سۆراخی شێوەی هەرەکۆنی ، تەکنیکی قافیەکاری‌ی شیعری خۆی بکا .

بۆ وێنە ، شیعری فۆلکلۆری کوردی ، لە سێ شێوەدا قافیەی سازداوە ، واتا ، قافیەی (دووانی – أأ) و قافیەی (سێیانی – أأأ)و بەندە کورتەکانی هاوقافیە کە بۆشایی‌و هەڵپەرکێ دەگوترێن .

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانبێ ، بابەتی قافیەی دووانی‌یە ، کە هەم بە قافیەی (مزدوج)و هەم بە (مثنوی) ناو دەبردرێ .

شاعیرانی عەرەب ، هەمیشە بە چاوێکی سوك سەیری ئەم شێوەی قافیەکارییان کردوەو لە گەڵ چێژگەی شیعرییان نەگونجاوە . لە سەردەمانی پێش پەیدابوونی ئاینی ئیسلامدا ، بەرزترین‌و بە بایەخترین فۆرمی شیعری لە لایان ، فۆرمی قەسیدەی هاو قافیەبوە ، کە لە قەسیدەکانی (المعلقات)دا خۆی دەنوێنێ .

ئەم فۆرمەی قافیەکاریش ، لەوساوەو هەتا وەکو ئێستاکەش ، بڕبڕەی پشتی هونەری شیعری عەرەبی‌یە .

هەر لە زوێکەوەش ، ئەوەهەبوە ، کە موناسەبەتێك رووی بدایە ، شاعیرەکانی ئەم نەتەوەیە ، لەسەر کێشی رەجەزدا ،

چەند بەیتێك شیعریان لە قافیەی (مزدوج)دا ، دەهۆناندەوەو ، بە پارچە شیعرەکەشیان دەگوت أرجوزة) ، بۆ ئەوەی نرخی بەرامبەر بە نرخی (قصیدة) دابشکێنن . هەتا (محمد ابن مالك - ١٢٧٤ز)[٢١] بۆ مەبەستێکی ئەوتۆ ئەم چەشنە قافیەی بەکار هێناوە ، کە هیچ پێوەندێکی بە هونەری شیعرییەوە نیە ، ئەویش هۆناندنەوەی ڕێزمانی عەرەبی‌یە لە کتێبی (ألفية)یدا .

کەچی بە پێچەوانەی ئەمانە ، شاعیرانی فارس ، لە سەرەتای بوژانەوەی زمانی فارسی ، دەستەو گیری ئەم شێوەی قافیە کاری بوونە ، کەبۆ مەبەستی شیعری داستانی‌و چیرۆکی دەسازاو ، ئەم جووتە قافیەیان ، لە هەر کێشێکی شیعری دوبەستایەوە ، بە هەزاران بەیتە شیعری دەدایە دەست . ئەوە بوو ، لە یێکەم تاقی کردنەوەیدا ، (شهنامە)ی (فردوسی)ی ، لەسەر کێشی موتەقاریبی مەقسووڕو لە شێست هەزار بەیتە شیعراندا هێنایە بەرهەم . لە دووای ئەویش ، هەموو شاعیرە گەورەکانی ئەم نەتەوەیە ، ئەم بابەتە قافیەیان بەکار هێناوە ، وەك (نظامی گنجوی) لە (پنج گنج)یداو (مولا جلال‌الدین رومی) لە (مثنوی معنوی)یداو (سعدی) لە (بوستان)یداو (جامی) لە (هفت أورنگ)یداو گەلێکیتریش ، لە کرداری شیعری‌ی درێژیاندا[٢٢] .

وەکو بزانین ، پێش ئەوەی کە (خانی) (مەم‌و زین) بنووسێ ، هیچ شاعیرێکی کورد ، بەرهەمێکی شیعری‌ی ئەوتۆی ، لە سەر ئەم شێوەی قافیەکاریدا بەجێ نەهێشتوە .

هەتا ، گەر بەرهەمێکی شیعری‌ی ئەوهاش هەبووبێ ، دیارە نرخو بایەخێکی ئەوتۆی نەبوە ، کە شوێن پێیەك لە مێژووی ئەدەبی زمانەکەماندا جێ‌بهێلێ . بۆیێکە (مەم‌و زین) ، نەك هەر یێکەمین مەسنەوییە لە زمانەکەماندا بەڵکو تاقە رۆمانێکی شیعری‌ی کوردیشە ، کە سەرتاپایانی ، بە هونەرەکانی بەلاغەت ڕازاوەتەوە[٢٣] .

## پەراوێزو سەرچاوەکان

١ - فن الشعر ، ص ١-٤ . ارسطاليس ، ترجمة الدكتور عبدالرحمن بدوى . القاهرة - ١٩٥٣ .
٢ - النقد الأدبى ، ج ١ - ص - ٢٩١-٢٩٢ . احمد امين ، القاهرة - ١٩٥٢
٣ - هەمان سەرچاوە ، ص - ٣٠٧
٤ - هەمان سەرچاوە ، ص - ٧٦-٨٠
٥ - باسی هونەرەکانی بەلاغەت لە (مەم‌و زین)دا ، لە ژمارە (٢٤)ی گۆڤاری کاروان‌دا بلاْوکراوتەوە .

٦ - النقد الأدبى ، ص - ١٨ ، احمد امين . القاهرة - ١٩٥٢
٧ - لە چاپەکانی مەم‌و زین - دا ، ئەم دێرە شیعرە ، وەها نووسراوە ، کەچی ، بۆ ئەوەی مەعنایەکەی دروست‌بێ ، دەبێ بەم چەشنەبێ : «مەقسوود ژی کەشنی طی حالە» چونکە ووشەی (طی) بۆ (ضمیر) یاخود شتی شرایەوە بەکاردێ .
٨ -
AN INTRODUCTION TO POETRY , P . 20 , Jacobkory, United States , 1959.

٩ - هەمان سەرچاوە . P.57
١٠ - هەمان سەرچاوە ، P. 28
١١ - بنوارە ئەم کتێبەمان (نەوبەهاری خانی‌و ئەحمەدی شێخ مارفی نۆدی) ، ل - ٢١ - ٢٢ . اربیل - ١٩٨٥
١٢ - بنوارە هەمان سەرچاوە . لە لاپەرە ٢٣ - بە دواوە .

١٣ - هەمان سەرچاوە ، ل - ٤١-٤٢ پەراوێز .
١٤ - بنوارە : تاريخ الأدب في ايران من الفردوسى الى السعدى ، أدوارد جرانفيل براون - ترجمة الدكتور ابراهيم امين الشواربى ص - ٥٠٧ ، ٥١٦ حاشية المترجم (٣) . القاهرة ١٩٥٤
١٥ - بنوارە - توضيح العروض - ص - ٧-١٤ . اميل جورج عيد حلب - ١٩٥٢ .
١٦ - هەمان سەرچاوە - ص ، ٦-٧ .
١٧ - هەمان سەرچاوە ، ص - ١٣-١٤
١٨ - تاريخ الأدب فى ايران من الفردوسى الى السعدى ، ص - ٥١٦
١٩ - لەو پێشەکیەی کە بۆ کۆمەڵە شیعری خۆم (خرۆشان‌و رامان)م نووسیوەو بە هیوام لەم زوانە دەست بەچاپ کردنی بکەم ، بە شێوەیێکی فراوانتر ، لە بارەی کێش‌و قافیەم نووسیوە .
٢٠ -
AN INTRODUCTION TO POETRY , - 20 P. 46 - 54. Jacobkorg , United States, 1959.

٢١ - مێژووی مردنیەتی .
٢٢ -
٢٣ - بنوارە پەراوێز -٥ .
THE LEGACY OF PERSIA , P. 211 - 213 , EDITED BY , A.J.ARBERRY , OXFORD , 1963